# دادگایی کردنی سەددام
# دادگایی کردنی حەقیقەت، یان تاوانباریکی دژی ئینسانی

**ئازاد احمد**
2005-11-30
Azadahmed71@yahoo.com

**لە رۆژی 28-11-2005 دا، دووەم دانیشتنی دادگایی کردنی سەدام حسین و 7 لە هاوکارە سەرەکیەکانی بوو،ئەو قەزییە سەرەکیەی کە لە سەری دادگایی دەکرین و دادگا و دەستەی دادوەران و خەلکی عیراق و دنیای پیوە سەر قال بوون، بریتیە لە تاوانی کوشتنی 143 کەس لە دوجەیل کە لە سەرەتای دەیەی هەشتاکاندا لە ئەنجامی هەولی کوشتنی سەددامدا گیران و کوژران .**

**پرسیاریکی گەورە کە بۆ هەموو کەسیك دروست بووە لە کاتی دادگایی کردنەکەدا ،ئەوەیە کە بۆچی لەو هەموو تاوانە گەورانەی وەکو کیمیا باران کردنی هەلەبجە و ئەنفالی 182000 کەس لەکوردستان وکوشتن وئیعدام کردنی سەدان هەزار کەسی تر لە ناوچەکانی خواروو ناوەراستی عیراق وگۆرە بە کۆمەلەکان وشەرە یەك لە دوای یەکەکانی کە لە هەر شەریکدا بە سەدان هەزار ئینسان بوونە قوربانی و هەروەها تاوانە گەورەکانی لە دژی مافە سیاسیو مەدەنیو فەردییەکانی خەڵکی عێراقو سەرکوتو ئیعدام کردنی هەر دەنگیکی ئازادو زەوتکردنی مافی خەڵکی کوردستان لە مافی ریفراندۆمیکی گشتیو ئازاد بۆ جیابونەوەی کوردستانو پێشێلکردنی مافەکانی مندالانو کوشتنی ژنانو..................هتد، بۆچی و لە بەر چی تەنها یەکیك لەم تاوانە گەورانە هەلنەبژیردران، تا سەددام وتاوانبارانی تری هاوکاری ، لە سەر دادگایی بکرین.**

**ئەم ماستە بی موو نیە ، ئەمریکا وبەریتانیاو هاوپەیمانەکانی، سەردەمی سەددام و ئەو کاتەی کە سەددام ئەم کۆمەل کوژی وتاوانانەی دەرحەق بە خەلکی عیراق و کوردستان دەکرد، و مافەکانی خەلکی عیراقی سەرکوت دەکرد، ئەوان لە پشتیەوە وەستا بوون وچەك وئەسلەحەی کۆمەل کوژیان پی دەفرۆشت و لە کۆر و کۆمەلە نیو دەولەتیەکانیشroویان سپی دەکردەوە ولە باشترین هەلوسیتیاندا دەیانووت کە ئەمە کاروباری ناوخۆی عیراقە و ئیمە مافی دەست تیوەردانیمان نیە.**

**ئەمرۆ هەر ئەم دۆستە کۆنانەی دوینیی سەدام بە ووریاییەوە خۆیان لەوە دەپاریزن کە دادگایی سەددام لە سەر ئەم تاوانە گەورانە بکریت و ئەم مەسەلەیە بوروژینریت نەکا لە ژیر فشاری رای گشتیدا ، لە دواییدا خۆشیان بکەونە تەلەوە و نەتوانن لێی دەرچن !!**

**ئەمە لە لایەك ،لەلایەکی تر ئەمەریکا خەریکە دەیەوێت لە ریگای هەڵبژاردنی کەیسی دوجەیلەوە، بەخەلکی عیراق بلێت داداگایی سەدام حسین لەبەرخاتری ئیسلامی سیاسی شیعی یە. ئەم دادگاییکردنە، پەیامی ئەمەریکایە بۆ خەلکی عیراق، ئەمجارەیان لە زمانی دادگاوە، پیمان دەلیت چاوەروانی هیچی دیکە مەبن، کاری من گۆرینی دەموچاوی صدام بوو بە صەدامەکان، نەك رزگارکردنی خەلکی عیراق لە ستەمو زولمو سەرکوت. ئەمەریکا لە مەیدانی سیاسیدا چۆن عیراقی کردە مەیدانیك بۆ تەراتینی هیزەکانی ئیسلامی سیاسیو جەنگی تیرۆر، بەهەمان شیوە داداگایکردنی صەدامی کردۆتە کاریکاتۆریك، کە تیایدا گالتە بە خەلکی عیراق بکات بە قازانجی ئیسلامی سیاسی شیعی، ئەمە واقعەیتی گالتەجاری ئەم دادگاییەیە لەباری قانونیو سیاسیەوە. هەر بۆیە لە ئەرزی واقعدا سەرکوت، دەسەلاتی میلیشیایی، خنکاندنی بیری ئازاد، وردکردنی ئیرادەو بریاری خەلك ، سیاسەتی سەرەکی ئەمەریکایەو بەجیهیشتنی خەلکی عیراقە بۆ تیرۆریستانی ئیسلامی سیاسی.**

**هەولەکانی ئەم ماوەیەی خودی سەفیری ئەمریکا لە عیراق و سەردانی عەمرو موسا بۆ عیراق و کۆبوونەوە ی قاهیرە لە ناو جامیعەی عەرەبی تایبەت بە کیشەی عیراق و دانووستان و پەیوەندیە ئاشکرا و نهینیەکانی سەرۆك کۆمار و حکومەت بۆ هینانەوەی بەعسیەکان لە ژیر ناوی ئاشتبونەوەو ویفاقی نیشتیمانیدا، بەلگەی ئاشکران بۆ ئەم سیاسەتە دژی ئیسنانیانەی ئەمەریکاو هیزەکانی بن دەستی.**

**ئەوە ی کە پیویستە بووتری ئەوەیە کە لە هەموو سەردەمەکاندا – رابردوو و ئیستا- و ئەو نەخشەیەش کە ئەمریکا لە عیراق و ناوچەکە بە دەستیەوەیەتی ، قوربانیەکانی بریتی بوون لە کوژرانی سەدان هەزار کەس لە خەلکی مەدەنی و ژنان و منالان و مالویران بوونی سەدەها هەزاری کەسی تر. ئیتر دەبی هەموان ئەمەیان لا رۆشن بیت و چیتر خۆشخەیالی خەلك بەرامبەر بە ئەمریکا و هاوپە یمان وئەلقە لە گویٚ کانی نەمینیت، تەنانەت صەدامیش گالتەجاری ئەم دادگایی کردنەی بۆ رۆشنەو ئەم راستیە دەزانیت، هەربۆیە داداگایی کردنەکەی کردۆتە مەیدانی زیندوکردنەوەو بەهیزبونی خۆی و بەعسیەکان...**

**ئەوەندەی کە دەگەریتەوە سەر دادگایی سەددام و باقی تاوانبارەکانی تر ،ئەوا پیش هەموو شتیك ئەوانە نوینەر و رەمزی بزووتنەوە و حیزبیك بوون کە کوشتن و ئیعدام و عەسکەرتاریەت وشۆڤینیزم وقەوم پەرستیو سەرکوتی ئازادیو هەموو دیاردەیەکی پیشکەوتوخواز.........هتد، بەشیك بووە لە پیك هاتە وسیفاتیان. رووخاندنی سەددام ودادگایی کردنی سەددام وەك کەسیكو وازهینان لە بزوتنەوەو ئامانجو بیری شۆفینزمی ناسیونالیزمی عەرەب ، بی ماناترین شتیکە کە لە عیراقدا رووبدات.**

**دادگایی کردنی سەددام و هاوکارانی دەبی دادگایی کردنی بزووتنەوە قەوم پەرست و شۆڤینیەکەی عروبە وحکومەت ودەسەلاتی دیکتاتۆرەکان و گۆرە بە کۆمەلەکان وکیمیایی باران کردن وئەنفال و شەر وئیعدام و دەسەلاتە سەرکوتکەرەکانی ئازادی و.....هتد،بیت و هەر لە سەر ئەم تاوانە گەورە و دژی بەشەریانەش دەبیت دادگایی و سزا بدریت و هەموو ئەو دەولەت وهیزو لایەنانەش کە لە رابردوودا یارمەتیدەر و پشتیوانی سەددام بوون و چەك و ئەسلەحەی کۆمەل کوژیان بە سەددام و رژیمەکەی داوە دەبی دادگایی بکرین و سزای تاوانەکانیان وەر بگرن.**

**ئەم جۆرە لە داگایی کردنەیە کە دەکریٚ ببیتە سەرەتایەك بۆ لە گۆرنانی یەکجاری دیکتاتۆریەت وئیعدام وکوشتن و شەرو تاوانکاریو سەرکوتو گەندەلیو زەوتکردنی مافەکانی لاوانو ژنانو مندالان.**